گووتار و فیکری ڕۆشنبیر و کاریگەری بەسەر کۆمەڵ ...1 .. د. شەونم یەحیا

(1- 2)...

گووتاری ڕۆشنبیران و کاریگەرییان ، تەوەرێکە لە کارەکانم لەسەر ڕۆلی ڕۆشنبیران لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ، ڕۆشنبیر زمانحاڵ و دەنگ و هۆنگی میللەتەکەیەتی لەو ڕگەیەوە هەموو بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریی پێدەبینێت.
هەر کۆمەڵگەیە خاوەنی کۆمەڵێك نۆرم و بەها و تراديسیۆنی تایبەت بە خۆی هەیە ، کۆمەڵگەی کوردیش خاوەن پێکهاتەیەکی فرە ئاین و نەتەوەیە بەرنامە ڕێژی و کارکردن بە فیکر و گوتارێکی دیاریکراو کارێکی ئەوەندە ئاسان نیە ، بە شێکی زۆری سامپڵی توێژینەوەکەمان لەو بۆچوونەدا بوون " ستراکتۆری کۆمەڵگەی کوردی ناتوانێت فیکر و گووتارو بەرنامەی ڕۆشنبیران قبوڵ بکات ، چونکە بە ئیمتیاز کۆمەڵگەیەکی سیاسیەوە ئەوەندە کاریگەری حزب و سەرکردەکانی بەسەریەوەیە ، ئەوەندە کاریگەری ڕۆشنبیرانی بەسەریەوە نیە ، ڕۆشنبیری کوردیش بە شێوەیەکی ڕێژەی پلانی بۆ چاکسازی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی نیە، ئەگەر هەشیبێت زیاتر بەرنامەیەکی سیاسیە و بە پاڵپشتی حزبێکی سیاسی ، نەوەك گرووپێکی کۆمەڵایەتی "
تونديوتیژی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردی کاریگەری لەسەر بەهەرم و گوتار و فیکری ڕۆشنبیراندا هەبوو ، ئەگەر گووتاری ڕۆشنبیرانی کورد تونديوتیژ بووبێت ، ئەوا دەرئەنجامی تونديوتیژیی داگیرکەرانی کوردستان بەرامبەر بە کورد بووە ، تەنانەت لە دوای ڕاپەڕینەوە بۆ ڕۆشنبیرانی دوای خۆیان ترانسفۆرم دەبێت ، ئەویش بەهۆی دروستبوونی شەڕی ناوخۆ لە نێوان حزبە کوردییەکان لە 1994 تا 1997 ڕۆشنبیران بە حوکمی نزیکی و کاریگەربوون بە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دەبنە بەشێك لەو شەڕ و بەرهەم و گوتاری ڕۆشنبیران دیسان گووتاریکی تونديوتیژ لە خۆ دەگرێت ، لەو بارودۆخدا ڕۆشنبیران دابەشی سەر حزبە سیاسیەکان دەبن .

حەمەسەعید حەسن لە کتێبی (تەور و شیعر) باس لە هەڵویستکی شاعیرێکی وەکو شۆرکۆ بێکەس دەکات لە شەڕی نێوان (یەکێتی نیشتمانی کوردستان

و بزووتنەوەی ئیسلامی) لە 22/12/1993 ئەو شەڕە رووبدا ، حەمە سەعید دەڵێ (شەڕکە بکەس لە شیعری (هەتاو)دا نەك هەر فتوای کوشتنی ئەندامانی بزووتنەوەی ئیسلامی دەدات، بەڵکو داواش دەکات بکرێن بە (زووخاو) ، لەبەر ئەوەی ئیسلامیەکان دژی ژن و شیعرن ، لەبەرامبەریشدا مەلا عوسمان ڕێبەری بزووتنەوەی ئیسلامی داوا لە چەکدارانی حزبەکەی دەکات کە هەرچی توانایان هەیە لێنان بدەن ، لێرەدا مەلا عوسمان مەبەستی چەکدارانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە . حەمە سەعید حەسن دەڵێ "مەلا عوسمان ڕێبەری بزووتنەوەی ئیسلامی لە شەرکە بکەسی شاعیر دڵڤانترە ، چونکە مەلاکە تەنیا داوای لێدانیان دەکات ، شاعیر داوای سوتاندنیش دەکات ".
هەروەها مهاباد قەرەداغی لە لێکۆڵینەیەکی دا لەسەر شیعرەکانی شاعر (شەرکە بکەس) لە کتێبی (ژن و کێمەگا لە قەناغی باڵندەیی شەرکە بکەس دا) کار لەسەر ئەو شیعرانە دەکات کە تێدا شاعیر باس لە گرنگی ڕەگەزی مێ لە کێمەگە و ئازارەکانی ئافرەت و سیستەمی باوکسالاری و چەوساندنەوەی ژن لە کێمەڵ دەکات.

دەتوانین بڵین لە ئەنجامی تیشك خستنە سەر گووتار و شیعرەکانی شەرکە بکەس وەك ڕەشنبیرێك لەم دوو نموونەیەدا بەمان بەدریاردەکەوێت کە ڕۆڵی شەرکە وەك ڕەشنبیرێك لە بوارێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاواز بووە ، لە بەرهەمەکانی پارادۆکسێکی گەورە لە نێوان بواری سیاسی و کێمەڵایەتی دەبیندرێت ، ڕۆڵی شەرکە لەو شیعرانەی کە باس لە واقیعی کێمەگە دەکات لە ڕووی کێمەڵایەتیە شەرکە وەك کەسایەتێکی زیندوو (ئازادیخواز ، لێبوردە ، و دڵڤان ، یاخیبوو لە کێمەگەی باوکسالاری ، نەهیشتنی چەوساندەوە لەسەر ژن و داکێکیکردن لە مافەکانیان) . لەبەرامبەر ئەوشدا کاتێك شەرکە دەکەوێتە ناو گەمەی سیاسیی و ململانێ سیاسیەکان بە تایبەتی لە کاتی شەڕی ناوخێ شاعیر بێ لایەن نابێ و گووتار و بەرهەمەکانی تێکەڵ بەو دۆخە نێگەتیڤە دەبێت ، بۆیە کەسایەتی شەرکە و هەڵوێستەکانی زیر تووندوتیژ ، تەواو پێچەوانەی ئەو ڕۆڵەیە کە شاعیر لە ڕووی کێمەڵایەتیەوە دەیگێرێت .

بۆیە گرنگە لەڕووی سیاسیەڵزییای ئەدەب و هونەرو تەواوی بوارەکانی دیکەی ڕەشنبیری کار لەسەر بە عەقڵانی کردنی خەشوەیستی بۆ نەتەوە وەڵات و حزب بکرێت ، چونکە تووندەووی کردن لێان دەرئەنجامی نێگەتیڤی لێ دەکەوێتەوە ، ڕەشنبیران بەهۆی ئەو بارودۆخەوە ڕۆیان بزردەبێت هەڵوێستەکانیان لە نێوان لایەنگری ئایدیەڵزییایەکی سیاسی و بێ لایەنی و تەنیانەت ئەوانەی دەکەونە

ناو ململانێ یەکانی شەڕ گووتار و بەرهەمەکانیشیان چوارچێوەی بابەتی تێدەپەڕنیت.
لەلایەکی دیکەوە بەشێك لە سامپڵی توێژینەکەماندا پێیان وابوو بەڵێ "ستراکتۆری کۆمەڵگەی کوردی پەیام و دیسکۆرسی ڕۆشنبیرانی قبوڵکردووە و ڕۆشنبیرانیش دەورێکی گرنگیان لەو ڕووەوە بینیوە "لە هوشیارکردنەوەی هاوڵاتیان و شکاندنی بۆ دەنگیان لە بەرامبەر هەبوونی نادادپەروەری و نەبوونی شەفافیەت و گەندەڵی و دەسەڵاتی کلیبتۆکراتی (چەتەسالاری) و تاکەوی و دروستکردنی ڕەخنەی سیاسی لە پێناو زیاتر بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە ، جگە لەمە ڕۆڵیان لە دامەزراندنی چەندان بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و گۆڕینی یاساکانی تایبەت بە باری کەسی ... هتد هەموو ئەمانە بەرهەمی ڕۆشنبیران بووە لە ڕۆگای میدیاکانەوە کاریگەرییان بەسەر هاوڵاتیانەوە هەبووە. "
ئەو ئاستەنگانەی کە وا دەکات ستراکتۆری کۆمەڵگەی کوردی بەرهەمی بیری ڕۆشنبیران قبوڵ نەکات لەوانە:-
1- بۆ جیاوازی فکر و گوتاری ڕۆشنبیران چونکە لە هەرێمی کوردستان ڕۆشنبیران جیاوازن ، ڕۆشنبیری ئاینی و ڕۆشنبیری نادینی واتا عەلمانی هەیە ، بۆیە گووتارەکانیان لەیەکدی جیاواز و کاریگەریشیان لەسەر ستراکتۆری کۆمەڵگە جیاواز دەبێت، کاتێك کە دەڵین ڕۆشنبیری ئاینی ئەوا قۆناغی ئەکتەری ڕۆشنبیری ئاینی تێپەراندووە و لەبازنەی ڕۆشنبیری ئاینی یە.

2- داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بونیادی خێڵەکی و دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردی و زاڵبوونی ترادیسیۆنەکان بەسەر هۆفتاری تاکەکان ، کۆ بیرکردنەوە ، لە خیتابی کۆدا ڕۆشنبیران ئاستی گووتاریان دادەبەزێت، چونکە لە نێوان ویژدانی گشتیدا گووتاری ڕۆشنبیران گووتارێکی شاز دەبێت.

3- نەبوونی گروپێکی ڕۆشنبیری بە هێز بۆ ئەوەی بتوانن گووتار و بەرنامەیەکی بە هێزیان هەبێت لە دەرەوەی حزبە سیاسیەکان و دەسەڵات لە پێناو گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرەو بارودۆخێکی باشتر.

4-کاریگەرییەکانی ئاین لەسەر بۆاوکردنەوەی گووتار و بەرهەمی ڕۆشنبیران ، لە کۆمەڵگەی کوردیدا پیاوانی ئاینی لە مینبەری مزگەوتەکان لە ڕۆگای گوتاری هەینی یەوە هەرش دەکەنە سەر بەرهەمی ڕۆشنبیران و هەخنە لە بەرهەمەکانیان دەگرن و خەڵکی هان دەدەن دژ بە ڕۆشنبیران بە تایبەتی ئەوانەی بیرکردنەوەیەکی علمانیەکان هەیە ،واتا دەست تێوەر دان و چاودێرکردنی بەرهەمی ڕۆشنبیران لەلایەن

ئیسلامی رادیکاڵەوە ، یەکێکە لە گەورەترین بەربەست لە بەردەم ڕۆشنبیران کە نەتوانن بە ئازادی بیروڕایەکانیان دەربڕن .

5- غیابی ڕۆشنبیران لە نێو دامەزراوە ئەکادیمی یەکان ، ئەمەش بە یەکێك لەو گرفتانە دادەنرێت کە کۆمەڵگەی کوردی بەرهەمی ڕۆشنبیران قبوڵ نەکات .

لێرەدا پێمان وایە کە ستراکتۆری کۆمەڵگەی کوردی بە هۆی ئەوەی فرە ئاین و فرە نەتەوەییە و پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە بۆیە پێشوازیکردن لە گووتارو بەرنامەو فیکرێکی دیاریکراو کارێکی ئەوەندە ئاسان نیە .
لە هەرێمی کوردستان تا پێش هاتنی داعش لە 2014 باڵی ئاینی بە شێوەیەکی گشتی و گووتاری پیاوانی ئیسلامیزمی تونديەو بەتایبەت هەژموونی یەکجار بە هێزی بەسەر بونیادەکانی دیکەی کۆمەڵگە هەبوو . تەنانەت سیاسەت و دەسەڵاتیش لە هەرێمی کوردستان کەوتبووە ژێر کاریگەرییەکانی و نەی دەتوانی لێ دەربچێ ، چونکە دەسەڵات بەگشتی لە پێناو مانەوەی موجامەلەی پیاوانی ئاینی دەکرد .

دەسەڵات کار لەسەر زەرینە دەکات ، پێویستی بە دەنگی زەرینەیە نەك کەمینە ، کە ئەویش نوخبەی ڕۆشنبیرانە بە تایبەتی ئەو ڕۆشنبیرانی سەربەخۆ و علمانین ، بیگومان لە پرسەی مانەوەی دەسەڵاتیش زەرینە بایار دەدات ، کۆمەڵگەی کوردی ستراکتۆریکی حزبی و سیاسیە و ئاینیە ، ئەمەش بە یەکێك لەو هۆکارانە دادەنرێت کە دەسەڵاتی سیاسی لە پاڵ ئاین و زەرینەدا بێت ، نەك نوخبەی ڕۆشنبیران .
بۆیە ئەگەر گووتارو پەیام و فکری ڕۆشنبیران بە تایبەتی ئەوانەی سیکۆلارن لەلایەن ستراکتۆری کۆمەڵگەوە قبوڵ نەکرێت ، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ستراکتۆری کۆمەڵگەی کوردی ستراکتۆرێکی بە حزبی و سیاسی و بەئاین کراوە ، و ئەو ڕۆشنبیرانەی کە پاشخانێکی ئاینی لە پشت ڕۆشنبیری ئەوانەوەیە ، پێشوازیکردن لە گووتار و فکریان لەناو کۆمەڵ بایان ئاسانترە ، وەك لە گووتاری ڕۆشنبیرانی سیکۆلار و سەربەخۆ ، چونکە ئەوان لەلایەن دەسەڵات و تراديسیۆنەکانی کۆمەڵ و بۆوادارانی ئیسلامیزمی رادیکاڵ تکفیر و ئیگریان ئی دەکرێت.

بەهام دوای هاتنی داعش هاوکێشەکان بۆ دۆخێکی تر دەگۆردرێن ، گووتاری ڕۆشنبیرانی سیکۆلار بە شێوەیەکی فراوانتر لەسەر ئیسلامی رادیکاڵ و بە دیدێکی ڕەخنەی لەسەر ڕەهەندەکانی ئاین قسە دەکەن ، بەهام ئەمجارەیان بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی تکفیر و هەڕەشەی توند ببنەوە . بەر لە هاتی داعش ڕۆشنبیرانی سیکولار نەیاندەتوانی بە

ئازادی خۆیان هەخنە لە فیکر و تێکستە دینیەکان و مەلاکان بگرن بەتایبەتی ئەوانەی فیکری تونددەویەیان بۆ دەکرد و جیهادی بوون ، یەکسەر لەلایەن حزبە ئیسلامیەکان و هەندێ لە مەلاکانەوە تەکفیر دەکران ، بەڵام دوای ئەوەی داعش هێرشی کرد سەر هەرێمی کوردستان و بەناوی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی و ژن و کچی یەزیدیەکانیان وەك سەبایە گرت و دەست درێژیان کردە سەریان و جگە لە کوشتنی هەزاران هاوڵاتی ، دەرگا بۆ ڕۆشنبیرانی سیکولار زیاتر کرایەوە بۆ ئەوەی بە ڕاشکاوی بۆجوونی خۆیان لەسەر تونددەوی ئاین بەتایبەتی ئیسلامیزمی ڕادیکاڵ بڵێن ، بەڵام ئەمجارەیان بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی تکفیر و هەڕەشە ببنەوە.
دکتۆرا لە زانکۆی سۆربۆن پاریسی یەك

---

١٠ پرسیار سەبارەت بە یفراندەم ... دکتۆر عەبدولڕەحمان مەولود

یفراندەمی کوردستان لەبەردەم ژمارەیەك پرسیاری بێ وەڵامە. لێرەدا هەندێك لەم پرسیارانە دەخەینەڕوو و پێشنیارەکیش دەخەینەڕوو بۆ چۆنیەتی کردنی یفراندەم.

یەکەم،

هەرێمی کوردستان خاوەنی ئەگەر ملیۆنێش نەبێت ، ئەوا چەند سەد هەزار بەرمیل نەوت دەفرۆشێ کەچی هەر قەرزارین !

پرسیار ئەوەیە: ئایا کوردستان بەرگەی ئەوە دەگرێ سەربەخۆیەکەشی بەدەردی نەوتەکە ببات ؟

چۆن پێویست بە گۆڕینی دەستەی سەرپەرشتیاری نەوت فرۆشتن بۆ هەموان ئاشکرایە (Common Knowledge)، ئاواش ناکرێ مەسەلەی یفراندەم و سەربەخۆیش بۆ هەمان دەستە بسپێردرێ.

دووەم،

هەرێمی کوردستان دەستیکرد بەنەوت فرۆشتن، لەبەرامبەردا حکومەتی عیراق ١٧ بلیۆن دۆلاری سالانەی داهاتەکەی بڕی.

پرسیار ئەویە: ئایا هەرەمی کوردستان ئامادەکاری کردووە بۆ پەرچەکرداری حکومەتی عیراق، ئێران، تورکیا و ئەوانی تریش بەرامبەر هەر بریارێکی سەربەخۆیی.

هەرەمی کوردستان بەم هەلومەرجە سیاسییەی ئیستا بڕگەی هیچ ئابلۆقەیەکی ئابووری ناکات.

سێیەم،
دەڵێن دوا ئامانجی ڕیفراندەم سەربەخۆیی نییە، تەنها مەبەست لێی ئەویە کە بە دەست و دوژمن نیشان بدریت کە گەلی کورد پشتیوانی جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەت بوون دەکات.
ئەگەر سەربەخۆیی مەبەستی ڕیفراندەم نەبێت، ڕێگای ئاسنتر و بەمەسرەفتر هەیە بۆ نیشاندانی پشتیوانی خەڵکی کوردستان بۆ جیابونەوە پێکهێنانی دەوڵەت ، ئەویش ڕاگیریە (Polling).
پرسیار ئەویە: کە سەربەخۆیی ئامانجی ڕیفرادەم نییە ، کوردستان بۆ ڕاگیری لەجیاتی ڕیفراندەم ناکات؟

بۆ ئەوەی بزانرێت شەکر شیرینە، پێویست ناکات فەردێک شەکر بخرێت، تەنها کەوچکێکی چا بەس. بۆ ئەوەی بزانرێت خوێ سوڕە، پێویستت بەچەند گرامێکە نێک تەنێک خوێ. ڕاگیریش تەنها بە وەرگرتنی نمونەیەک (Sample) لە ڕای خەڵکی کوردستان دەتوانێ ڕای خەڵکی کوردستان بە مەسەلەی سەربەخۆیی نیشانبدات. ئەم بابەتە زانستیە و دەست و دوژمن لێ تێدەگەن. ڕاگیریی بەمەسرەفتر و ئاسانتر لە ڕیفراندەم و ئەم مەبەستەی سەرەوەش دەپێکێ.

چوارەم،
ووشیار زێباری لەبەرچاوی دونیا لەسەر گەندەلی لە بەغداد دەرکرا، کەچی ئەو سەرپەرشتی ڕیفراندەم دەکات. ئەمە چی بە دەست و دوژمن دەڵێت ؟ ڕایەك هەیە دەڵێت، چونکی زێباریان لە بەغدا دەرکرد، ئەو دەیەوێت لە کوردستانەوە تۆڵە بکاتەوە.
پرسیار ئەویە، ئایا کردنی ڕیفراندەم بە پلانێ یان مەزاجی تاک، پەرچەکردار و تەوکەلییە ؟

ناکرێ چارەنوسی میللەتێك بدرێتە دەست قەدر، مەزاج یان تۆڕ کردنەوە. ئەگەر ئەم بابەتە مەزاجی، شەخسی و پەرچەکردار نییە، کوا پلانەکان بۆ ڕووبەروبوونەوەی مەترسیەکان (Risk Management) ؟ لەمەسەلەی نەوت فرەشتنەکەش بە پارتی و نەچیرڤان بارزانیمان ووت: نرخی بەرمیلی نەوت و نرخی دۆلار بەدەست ئەوە نییە، عیراق بە

پەرچەکردار نابێت. کەچی گومان نەگرت. ئایا دەکرێ هەمان هەڵە دووبارە ببێتەوە ؟

پێنجەم،
بە دوای تێکشکانی داعش لە موسل، تورکیا خوازیاری بەردەوامی ئەو پەیوەندیە ناهاوسەنگەی ئێستایە لەگەڵ هەرێمی کوردستان. بە ئەم مەبەستەش تورکیا هانی هەرچی زیاتر دورکەوتنەوەی هەرێمی کوردستان دەدات لە بەغدا. بە بەرژەوەندی ئێران هەمان کار، شای ئێران بەرەحمەتی مەلا مستەفای کرد.
پرسیار ئەوەیە: ئایا ئەم ڕیفراندەمە بە فیتی تورکیایە ؟ بە هاوکاری تورکیایە ؟ ئایا هەرێمی کوردستان چ قازانجێك دەکات لە ژێر دەستەیی /وابەستەیی تورکیا ؟ کاریگەری ئەم وابەستەییە چیە لەسەر خەباتی گەلی کورد لە باکور و ڕۆژئاوا ؟

هەلومەرجی سیاسی و ئابووری ئێستای هەرێمی کوردستان و هەرشی داعش بە سەرکوردستان پەمان دەلێت چەماندەوەی چەند ساڵەی هەرێمی کوردستان (پارتی) لەبەردەم تورکیا هیچی لێشین نە بوو. هەر هیوایەك لەسەر ئەوەی لەچەماندەوەی زیاتر لەبەردەم دەرگای تورکیا هیچی لە شین دەبێت سەرابە. بەپێچەوانە تورکیا خێی لەبەردەم هەلوشاندەوەیە، هەرچی زوتر خۆ دورگرتن لە تورکیا لەبەرژەوەندی کوردستاندایە.
لەمەش زیاتر، هەمو ئەو قازانجەی هەرێمی کوردستان گەیاندوێتی بەتورکیا، بە نیوەی ئەم مەسرەفە لەگەڵ ئێراق، ڕێنگە کورد کەشەی لەگەڵ ئێراقدا نەمێنێت. ڕێنگە بە نیوەی ئەم مەسرەفەی (Investment) لە تورکیا کرا، ئەگەر لە ڕۆژئاوا بکرایە، هەرێمی کوردستان بگەیشتبایە سەر دەریایی ناوەراست.

شەشەم،
لەگەڵ ڕوخانی ئێراق لە ۲۰۰۳ پێشنیار جەراوجەر بە سەربەخۆیی کوردستان خراوەتەڕوو. جدیتریان کارکردن بوو لەسەر هاوشیوەی ئیگلیزکان لە هەنگ کەنگ. واتا، پێشخستنی ئابووری، پیشەسازی و ڕیفەرمی سیاسی. زامنکردنی ئازادی تاك و ڕای جیاواز، مافی ئافرەتان و مافی مرۆڤ.
کارکردن هاوشیوەی ولاتی بریتانیا ، نەك هەر زامنی سەروەری تاکی کوردستانی دەکرد، بەڵکە مەترسیکانی سەر سەربەخۆیی کوردستانی دەگەیاندە نزمترین ئاست.
ببینە، سەرەڕای ڕادەستکردنی هەنگ کەنگ بە سین لە ۱ی تەموزی ساڵی ۱۹۹۷، سین بریاریدا بەهەی جیاوازی لە سەرخان، ژیرخان و کەلتەر

وەك خۆی بەڵێتەوە و جیاواز بیت لە ولاتی دایك، واتە سین. کوردستانیش چۆن هەنگ کۆنگ بە ناو/یاسا سەر بەسینە، بەڵام لەهەمو شتێك جیاوازە، دەیتوانی بە ناو/یاسا هەر سەر بە ئیراق بێت، بەڵام لە هەمو شتێك جیاواز بێت.

پرسیار ئەوەیە: ئایا ئیستا درێنگە بۆ ئەوەی سەربەخۆی خەمان لە ئەرزی واقع بسەپێنین؟ بۆ ئەوەی دوژمنانی سەربەخۆیی کوردستان لە خەمان بورژێنین؟

ئەستاش درێنگ نییە، بۆ ئەوەی سەربەخۆیی بە پلان جیبەجی بکرێت و مەترسی سەرئەم سەربەخۆیەش بۆ نزمترین ئاست دابەزێنرێت. دەکرێ سودی گەورە لە شیوەی کاری بەریتانیا لە هەنگ کۆنگ وەربگیری بۆ ئەم کۆشیە. نەزانیین ئەگەر خەمان روبەروی ئەگەری مان و نەمان بکەینەوە، لەکاتێکدا ڕێگاچارەیتر بۆ سەربەخۆیی هەیە؟

حەوتەم،
لە سیاسەتدا کۆنسێپتێك هەیە پێی دەڵێن لەگەسی (Legacy) . بەگشتی لەسیاسەتدا لەگەسی مانای "سیاسی بەچی دەناسریتەوە" چۆن چێتە مێژوو. بۆ نمونە، لەگەسی ڕۆنالد ڕێگن کۆتایی هێنان بەشەری ساردە و دواتریش ڕوخانی دیواری بەرلینە. لەگەسی جۆرجی بۆشی باوك، بەرپاکردنی شەری کەندواوی یەکەمو بۆشی کوریش ڕوخانی ژێمی سەدامە لەدەسەلات. بەهەمان شێوەش کلینتۆن، ئۆباما ، تاتشر، بلەر، شیراك … تاد، هەریەك لەگەسی خۆی هەیە.
بارزان و بنەمالەی بارزانی ناوەکی دیاری بزاڤی نیشتمانی کوردستانن. دەوری بارزانیەکان گەیشتە لوتکە کاتێك ڕەحمەتی مەلا مستەفا سەرکردایەتی شەرشی ئەیلولی دەکرد. بەڵام، بەداخەوە ئەم شەرشە شکستی هینا. ئەوانەی بەچاوی ڕەخنەگرانە سەیری ئەم شکستە دەکەن دەڵێن ئاشبەتالی کرد.
نسکە بێت یان ئاشبەتال، هەمو لایەك لەسەر ئەوە کەکن شەرشی ئەیلول شکستی خواردو چووە ناو مێژوو. واتە لەگەسی ڕەحمەتی مەلا مستەفا بەشکستدانی شەرشی ئەیلولە.
مافی بەرز مەسعود بارزانییە کە بیر لەوە بکاتەوە، ئەو بەشیوەیەکی جیاواز بچێتە ناو مێژوو و شکستی باوکی ڕەحمەتی قەربو بکاتەوە. بەڵام لەماوەی دەسەلاتداریەتی بەرز مەسعود بارزانی کار ئیجابی بۆ کەمەلگای کوردستان زۆر کەمکراوە. سلبیەکان لە ئیجابیەکان زیاترن.

پرسیار ئەویە: ئایا بارزانی مەسعود بارزانی یەفراندەمی بۆ سەربەخۆیی کوردستان یان بۆ دروستکردنی لۆگۆسی بۆ خۆی و بنەمالەی بارزانییە ؟

بارزانی مەسعود بارزانی ماوەیەکی کەمی ماوە لەسیاسەت، چ بەهۆی تەمەنی بەت یان فشاری کەمالگای کوردستان. ئەو دەیەوێت لەو ماوە کەمەی لەبەردەمی ماوە لە سیاسەت لۆگۆسیەکی ئیجابی بۆ خۆی و بنەمالەکەی دروست بکات. بیرکردنەوە لە لۆگۆسی ئیجابی کارەکی خراپ نییە. بەڵام، ئەمە یەفراندەمە بۆ بەرنامەیەکی رەنگە وەلامدەرەوە نەبێت.

هەشتەم،
پارتی دەزانێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسەکانی لەگەڵ گەلان ئەنجامی یەفراندەم، ئۆگەر بکرێت، دلخۆشکەر نابیت. پارتی بۆ چارەسەرکردنی کیشەکانی لەگەڵ گەلان بەهەمان شێوەی کارکردنی (Method) لەگەڵ یەکێتی مامەڵە دەکات.
پرسیار ئەوە: ئایا پارتی لەوە گەیشتوە گەلان جیاوازە لە یەکێتی؟ پارتی لەکێندەری ئەم جیاوازییە تێناگات؟
تا ئەوکاتەی پارتی جیاوازی نەوان یەکێتی و گەلان نەبێنێت ناتوانێ گرفتەکانی لەگەڵ گەلان چارەسەر بکات.

نۆیەم،
چونکی هیچ ئامادەکارییەك بۆ روبەروبونەوەی مەترسیەکانی سەر سەربەخۆیی کوردستان نەکراوە، بارزانی مەسعود بارزانی ئامادەیی مردن نیشانی خەلك دەدات لەکاتی مەترسیەکان.
ئەمە هاستە لە میژوودا ولاتان بە سەربەخۆییان قوربانی ملیۆنیان داوە. سەیری ولاتی جەزایر بکەن. بەڵام، ئەوەش هاستە ئەوانەی بانگەوازی قوربانیدان دەکەن، دەبیت پشت ئەستور بن بە کەدەنگی هاونیشتمانیان.

پرسیار ئەویە: پارتی چۆن دەتوانی داوای قوربانی لەخەلک بکات و ئامادەش نەبیت گویان لەبگرێت و بارزانی بڵێ ئیمە حیساب بۆ دەنگی جیاواز/نارزای ناکەین ، با هەڵپەرن ؟

ئایا پارتی نازانێ تەنانەت حکومەکەی ئیئتلافی بوو ؟ ئایا نازانی لە دواین هەڵبژاردن لە ٦٢٪ خەڵکی کوردستان دەنگیان بە پارتی نەداوەو و لە ئێستاشدا ئەم دەنگانە زیادی کردوە.
ئۆگەر کەمالگای کوردستان بگومان بن لەنیەتی یەفراندەم، ئۆگەر

بزانن مەبەست لە یەفراندەم بەرژەوەندی حیزبیە نەك بەرژەوەندی گشتی چۆن ئامادەی قوربانیدانیان دەبن ؟

دەیەم،
هەمو لایەك دەزانن كە پارتی بەرژەوەندی حیزبی لە بابەتی یەفراندەم هەیە. بەلام، بەداخەوە ئەوان ئینكاری ئەم بابەتە دەكەن و پەداگری لەسەر ئەوە دەكەن كە ئەوان ئەم كارە بە بەرژەوەندی خەلكی كوردستان دەكەن ، كەوا نییە.

پرسیار ئەوەیە: ئایا ناكرێت یەفراندەمەك بكرێت هەم حیزب و هەم نیشتمان لێی سودمەند بن؟

بەلێ دەكرێت. با سەرتا كێشە سیاسەكانی ناومالی كوردی چارەسەر بكەین. كیشە یاسایەكانی بەردەم یەفراندەم چارسەر بكەین. متمانەی هاولاتیان بەدەسەلات بگەڕێنینەوە. ئینجا هەمو لایەك بە پلانێكی تەكەم، دوربین و درێژ ماوە پلانی سەربەخۆیی دابنێن. سەربەخۆیەك بە پشتیوانی هاولاتیانی كوردستان بێت، بە سەروەریی ئەوان بێت و بەكەمترین زەرەیش بێت.

دەرئەنجام
باشترین بژاردە بە مەسەلەی یەفراندەم ، ئەسپاردنیەتیتی بە دوای هەلبژاردنی پەرلەمان و سەركایەتی هەرێم.
یەفراندەم لە دوای هەلبژاردن باشترە چونكی:
یەك، كێشەی یاسایی نابیت. پەرلەمانی نوێ دەتوانێ تاوتوی ئەم بابەتە بكات.
دوو، هەلبژاردن دەتوانێ كێشە سیاسەكانی ئیستای كوردستان تا ئادیەكی باش چارەسەر بكات و كەدەنگی نیشتیمانی لەسەر ئامانج و چۆنیەتی كردنی یەفراندەم بەدەست بهێنێت.

پارتی دەتوانێ، مەسەلەی یەفراندەم و سەربەخۆیی كوردستان بكاتە كرێكی كەمپینی هەلبژاردنی. بەمەش بەرژەوەندە حیزبیەكان و بنەماڵەكانیان بپارێزن.

گۆران و ئەوانیتریش دەبێت بزانن هەلومەرجی سیاسی عیراق دوای شكستی داعش وەك ئیستا نابیت. بۆیە، دەبیت خۆیان بە بریار و ڕووداوی گەورە ئامادە بكەن و دەوری تەماشاكەر نەبینن یان بە پرچەكردار كار نەكەن.

یادەوەرییەکانی گایشا … خەندەی حەمید

ئەو فیلمەی زیاد لە چەند جارێک بینیومە و هەموو جارێک بە من شتێکی نوێی پێیە، لەلام زۆر پەسندە دەتوانم بڵێم فیلمی هەموو سەردەمەکانە. فیلمێک کە لات ڕوون نییە دیمەنەکانی بۆرەو کوێت دەبەن؟ لە یادەوریییەکانی گایشا دەچیتە نێو جیهانێک کە پڕە لە نهینی، فێڵ و پلان بۆ مانەوەی خۆت و لە ناوبردنی ئەویتر، هەروەها ئەو یادەوەری و نۆستالیژییانەی کە نمایش و گێڕانەوەکان دەیان کات بە یادەوەری. لەگەڵ ئەوانەشدا ئەم فیلمە زۆر شتمان پێ دەڵێت سەبارەت بە کولتووری ژاپۆن. فیلمەکە لە ڕەمانی ڕەمانووس Arthur Golden وەرگێڕاوە بۆ ناوی Memoirs of a Geisha)). ئارسەر نووسەرێکی ئەمریکییە، پسپۆڕی لە مێژووی هونەردا هەیە، هەروەها لە هونەری ژاپۆنیدا شارەزایە. دەنیام هەستێکی ئەدەبی جوان لە ڕەمانەکەدا هەیە، هەروەک چۆن پێم وایە ئەو فیلمە یەکێکە لەو فیلمانەی کە وەک ڕەمانەکە جوان بۆرجەستە کراوە، بە پێچەوانەی زۆرێک لەو فیلمانەی کە لە ڕەمان وەرگیراون و بەم شێوەیە نین، واتا وەک ڕەمانەکانیان جوان نین. هەروەها لە لایەن دەرهێنەر Rob Marshall کاری دەرهێنانی بۆ کراوە، نۆڤەمبەری ۲۰۰۵ باڵوبۆتەوە. فیلمی یادەوەرییەکانی گایشا بە دیمەنێکی ئازاراوی دەستپێ دەکات، دوو خوشک لە لایەن دایک و باوکە هەژارەکیانەوە بۆ بازاڕی کەین و فرۆشتنی مرۆڤ دەفرۆشرێن لە کیۆتۆ (Kyoto). خوشکە گەورەکە لە ڕووی جەستەییەوە تەواو ئامادەیە بۆ سێکسفرۆشتن، بەڵێ ڕاستەوخۆ دەبردرێت بۆ سەزانیخانە، لە کاتێکدا خوشکە بچوکە نە ساڵانکە وەک خزمەتکار دەبرێت بۆ ماڵی گایشاکان و لەوێ ئیشی پێدەکرێت، بێ ئەوەی هیچ پاداشت و مانگانەیەکی هەبێت. تا ئەوکاتەی کە گەورە دەبێ بۆ ئەوەی بزانن لەهاتوو و گونجاوە بۆ بوون بە گایشا، ئەوجا پاداشت وەردەگرێت، چونکە گایشاکان بڕانبەر بەو خزمەتەی دەیکەن پاداشت وەردەگرن.

بوونی گایشا لە کولتووری ژاپۆنی زۆر باوبووە، تەنانەت ئێستاش گایشا بە شێوازی خۆی هەیە. لە کاتێکدا گایشا وەک هونەرمەند ناسێنراوە، چونکە ئەوان سەزانی نین بەڵکو ئیشی سەرەکی گایشا

ئەوەیە کە خزمەت یاخود میوانداری و هاودەمی پیاوەکان بکات، بەوەی گفتوگۆیان لەگەڵ بکات یاخود خواردنەوەیان پێشکەش بکات، هەندێک جاریش سەما و میوزیک و گۆرانی دەڵێن. هەر بۆیە لە کولتووری ژاپۆنیدا گایشاکان نایاسایی نەبوون. دەکرێ ئەوان وەک خزمەتکار یاخود هاودەمێک بۆ پیاوە باڵادەستەکان ببینرێ، کە وایان لە بکات هەستێکی تایبەتیان هەبێت لە کەبووندا و کات بەسەربردنەکانیاندا.

دوای فرێشتنی Chiyo (کچە بچووکەکە) بۆ ماڵی گایشایەک، دوای گەورەبوونی لەلایەن گایشایەکی تری بۆ ئەزموونەوە دەکەوێت و پەروەردە دەکرێ تەنانەت ناوەکەشی دەگۆڕێ بۆ سایری. خانمەکە ناوی مامیایە، سایری پەروەردە دەکرێ و ڕاهێنانی پێدەکرێ، سکۆڵی میوزیک و سەما و چۆنیەتی گفتوگۆی باڵا دەخوێنێ. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا گایشا بۆ مانای هونەرمەند دێت؟ "بەڕاختی وشەی گایشا واتا هونەرمەند، بۆ ئەوەی ببێ بە گایشا دەبێ وەک ئیشێکی هونەری جوانی بریارت بەسەردا بدرێ. ناتوانی بڕۆیت بڵێی گایشای ڕاستەقینە، تاکو بە یەک نیگا پیاوێک لەنێو هەنگاوەکانیدا نەوەستێنی." لێرەدا دەرک بەوە دەکرێ کە گایشا لەسەر ویست و حەزی پیاوانە پەروەردە و ڕاهێنانی پێدەکرێ. ئەوەی بەدیدەکرێ پیاوەکان ئەوان وەک بوکەڵەیەک بۆ کات بەسەربردن و چیژ وەرگرتنی خۆیان دەبینن، نەک وەک هونەرمەندێک. هەرچەندە هەمووان بۆ سەماکەی سایری سەرسامن، بەڵام لە ڕاستیدا سەرسامن بە جوانییەکەی نەک توانا جەستەیی و هونەرییەکەی. چونکە چاوەکانی سایری ڕەنگی دەریایان هەیە، بەڵام ئاگر لە دڵی هەر کەسێک بردەدات کە دەیبینێ. "گایشا ڕووخساری خۆی ڕەنگ دەکات بۆ ئەوەی ڕووخساری بشارێتەوە، چاوەکانی ئاوەکی مەنگ و قوڕن. بۆ گایشا نییە کە بیەوێت. بۆ گایشا نییە کە هەست بکا. ئەو هونەرمەندی جیهانەکی سەرئاوکەوتووە، کە سەما دەکات، گۆرانی دەڵێت، خۆشیت پێدەدات، هەرچییەک کە بتەوێ. ئەوەی دەمێنتەوە سەبڕ و نهێنییە."
لە کولتووری ژاپۆنیدا، مرۆڤەکان دیسپلینکراون، سنوور و یاسای توند بۆ هەڵسوکەوت و ڕەفتارنواندنیان لەگەڵ یەکدی بۆ دانراوە، بەڵام گایشاکان دووجار دیسپلینکراون، هەم وەک تاکەکی ژاپۆنی و هەم وەک کچە گایشایەک کە دەبێ پابەند بێت بۆ دەستوور، یاسا و ڕێسایانەی لەسەری ڕاهێنراوە، کە ئەو ڕێسایانەش لە خزمەت خواست و ویستەکانی پیاودان. واتا گایشاکان لە ئیرادە خراون وەک بووکەڵەیەکی سەکسی لەلایەن پیاوە سیاسی و دەوڵەمەندەکانەوە بۆ چێژ وەرگرتن و کات بەسەربردن بەکاردەهێنرێن، ئەوان بۆ ئەبژێکت کراون

هیچ ویست و ئازادییەکیان نییە. کەواتە گایشاکان بەحەز و ئیرادەی خۆیان نابنە گایشا، یاخود بە ژیانێکی بەختەوەرانە، بەڵکو دەبن بە گایشا چونکە هیچ هەڵبژاردەیەکی تریان نییە.

بەدرێژایی ئەم فیلمە هەوڵ و هووبڕووبوونەوەی ئەم کچە هەستپەدەکەی کە دایکایەتی خەی قەدەری خەی دیاری بکات و شتێ بە مانەوە و بەردەوامبوون بکات، چونکە دەزانێ کە ئەو دەبێ لە شوێنێکی دیکە بێت، بەمەش تووشی نەهامەتی و کەشەی زۆر دەبێت. کارەکتەری سەرەکیzhang) (ziyi کە ئەکتەرێکی چینییە، ئێستا جوان بەرجەستە دەکات بەڵادێک هەست دەکەی ئەو بەڵاستی گایشایە نەک تەنیا ئێستا کەی ببینێ.
سایەری لە جیهانێکی پڕ خەون، تێکەشان و کێنەداندا دەژیت، ئەو دایکایەتی بە یادەرییەکانییەوە بمرێ نەك بە خەونەکانییەوە، بەو مانایەی هەوڵ دەدات بە بەدیهاتنی خەونەکانی. هەروەها ئەو جوانی خەشدەوە لەو ئێگایەوە هوانگ و هوانین بەرانبەر بە گایشاکان دەگێڕێ. چونکە خەشویستنی جوانی چۆڵ، بەڵام خوەقاندن و داهێنانی جوانی هونەرە. هەر بۆیە دەکرێ گایشاکان هونەرمەندبن، چونکە بە سەما و گۆرانی جوانی دەخوەقێنن. ئەمەش بۆئارامییەکی قووڵ، هەروەها خەتەرخانکردن بە ئەو کارەی کە بە ئەرکی خەی دەزانێ. ئەم کچە دەکەوێتە خەشویستییەکی نهێنی و تاکلایەنانە لەگێ یەکێک لە بەرپرسەکان (بەڵاوبەر)، خەشویستییەک بە تین و هەزی منداڵانەوە. ئەو پیاوە کاتێ لەسەر پردەکە چیە دەبینێ، کچێکی بچوکەو دەگریا، هەمنی و بەخشندەیی ئەم پیاوە وا لە چیەی بچوک دەکات کە ئاشقی ببێت و ئەم هەستە هەڵبگرێ تا گەورەبوونی. ئەو دەڵێ: "نایبینی؟ هەر هەنگاوێک کە ناومە، لەوکاتەوەی ئەو منداڵە بووم لەسەر پردەکە، بە ئەوە بووە کە خەم لە تە نزیک بکەمەوە."

سایەری بەرگری و هەوە بە ئەو خەشویستییەی دەدات کە بە بەڵاوبەر هەیەتی. لێرەدا سەختە لە هەمان کاتدا دەستگرتن بە خەشویستییەکی نهێنی و کارەکێدا، سایەری هەمان شت دەکات، دواتر دەتوانێت بە لەهاتووی و سووبوون لەسەر ئەرکەکەی سەرکەوتوو بێت.
لەم فیلمەدا لەوانەر بە چەند قەناغێک تێدەپەڕێت، قەناغی جەنگ و دوای جەنگ. هەموو شتێک دوای جەنگ دەگەردرێ بەکاکاکردن و بەئەبژێکت کردنی ژن بەووەنی دەبینرێ، سێکسفرەشی زۆر زیاد دەکات. بەڵام لەگێ ئەوانشدا ئەوەی هەستی پێدەکرێ ئەوەیە، هەمیشە ئازایەتییەک بە دەستپێکردنەوەی ژیان لە سایەریدا هەیە. لەوەیە ئەو فیلمە لەسەر چێنیەتی ژیانی ئاستەقینەی گایشا نەبێت، بەڵام

ئاوەی ویستوویەتی جوانی و هەستناسکی گایشا دەربخات، لە هەمان کاتدا دەنگی ئەرکی فیلمیش هەر ئەمە بێت کە جوانی لەنێو ئەرک و ئازگارە سەختەکان، تووڕە چاوساوە و بەکارهاتووەکان بدزێتەوە و لە کۆنتەکستێکی هونەریی جواندا نمایشی بکات.

یوسف عزەدین لەهەڤپەیڤینێکدا … سازدانی: وریا باقر

هەڤپەیڤینێکی تایبەت وفرەهەند سەبارەت بەهەندێك لەنهێنی و شاراوەکانی ئەدەبیاتی عیرفانیی و دنیای تەسەووف لەگەڵا ڕامانووس و نووسەر "یوسف عزەدین"

شاعیر و عاریف "فەریدەددینی عەتتار" سەبارەت بە"لۆژیکی باڵندە"کەی خۆی، دەفەرموویت:
(ئەهلی وێنە نغرۆی زەریای ئاخافتنەکانم بوون، ئەهلی ماناش پیاوانی نهێنییەکانی منن، ئەم هەبەستانەم خاسییەتێکی سەیریان هەیە، لەهەر ئان و ساتێکی جیادا مانای نوێ و جودا دەبەخشن.. ئەگەر بێت سازا، زۆر بیخوێنیتەوە، ئەوە بۆگومان لەگەڵا هەر جارێکدا جوانتر دەبێت.. تا ڕۆژی قیامەتیش کەسێکی دیکە نابینیتەوە، بتوانێ وەك منی عاشق بنووسێت)

" سەدرەددینی شیرازی" سەبارەت بەپێوەندییەکانی خۆی و خەڵکی، دەفەرموویت:
(دوورکەوتمەوە لەتێکەڵبوون و خۆسەرقاڵکردن بەخەڵکییەوە.. ئاسان بوو بەلامەوە، دژایەتی شتە باوەکان و منجێی لەگەڵ خەڵکی زەمانەدا بکەم، تاگەیشتمە نکۆیکردن لەخۆیان و ڕاوبۆچوونیان دەرحەقم.. بەرز و عەزیز رایانگرتبام، یان زیانیان پێ گەیاندبام، هەروەك یەك بوو لام.. بەغەریزەو بەتەواویی ڕوومکردە هۆکاری سەرجەم هۆکارەکان، کەوتمە پاڵانەوە لەئاسانکاری کارە سەختەکان.. ماوەیەکی زۆر بەپەنهانی و دووڕە پەڕزیی مامەوە.. تا ئەو نهێنییانەم لا کەشف بوو کەتا ئەو دەم نەمدەزانین…).

وریا باقر: سەرەتاکانی ئەدەبیاتی کوردی هەر لەسەردەمی باباتاهیری

هەمەدانی-یەوە، ئەدەبیاتێکی عیرفانی بووەو خودی باباتاهیریش سۆفییەکی خوداناس بووەو بەباباتاهیری عوریان ناوبانگی دەرکردووە..دڕژەی ئەم تەوژمە تا ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری و نالی و مەحوی و بێخود و تاك و تەرا هەندێك لەشاعیرانی تر بەردەوام دەبێت.. بەڵام مەخابن بەهۆی ئەو ئاوگۆڕەی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا رووێدا، هەر پاش جەنگی جیهانی یەکەم و بەتایبەتیش دوای جەنگی جیهانی دووەم، پاشەکشەی بەم تەوژمە ئەدەبییە عیرفانییە سۆفیگەرییە کردو چەند تەوژمێکی تری دروشم ئامێزی تێکەڵا بەئایدۆلۆژیای سیاسی هاتە پێشەوە.. لەدوای مەحوی-یەوە هەست دەکرێت ئەدەبیاتی کوردی قووڵی و جوانییە عیرفانییەکانی خۆی لەدەست دەدات. پرسیارەکەمان لەبەڕێزتان وەك ڕۆمانووس و ئەدیبێکی شارەزا لەئەدەبیاتی عیرفانیدا، ئەوەیە کەئاخۆ ئەدەبیات و هونەری جیهانیش، بەتایبەتیش ئەورپایی کەوتە ژێر هەمان تەوژمی سەرزارەکی ئایدۆلۆژیی سیاسییەوە؟

یوسف عزەدین: بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی لەئەروپادا بەشێوەیەکی بەرجەستەو بەرچاو گوزەراوەو زیاتریش پەیوەست بێت بەپرسیارەکەتانەوە.. بۆیە دەبێت بپرسین، کەداخوا کاتێك ئەدەبیاتی عیرفانی و سۆفیگەری لێرە پاشەکشەی پێدەکرێت، لەئەروپادا چی لێ بەسەردێت؟ ئەگەر ئەمە پرسیارەکە بێت، ئەوە باشترین نموونە ئەزموونە شانۆییەکانی "پیتەر بڕك"ی بەریتانی، بەهۆچەشنێك لیتوانی-یە، پێش چەند ساڵێك، دوای بەشداریکردنی لەفێستڤاڵی"ئەفینیون" لەفەرەنسا، کاتێك پرسیاری لێدەکەن، دەرحەق بەو فیلمەی لەدەرهێنانی "سیمۆن بڕك"ی کۆیەتی بەناونیشانی"بڕك بەسەر گوریسێکی شەتەك دراودا تێدەپەڕێت" و حەقیقەتی فیلمەکەش زێدەتر پەیوەستە بەوێنەگرتنی پشت کەوالیس و پەنهان و نهێنییەکانی "پیتەر بڕك"ەوە لەکاتی پڕۆفەکردن و نمایشکردنی شانۆییەکانیدا، لەشانۆی "بڤف دو نۆر"ی پاریسی، کەهەر خودی بڕك خاوەن و بەڕێوەبەری شانۆکەیە. "پیتەر بڕك" لەوەڵامی بوونی ئەو ترس و سامەی لەرووکاری تەماشاچییەکاندا دەبینرێتەوە، کاتێك تەماشای پەینەوەی ئەکتەرەکان دەکەن بەسەر گوریسێکی شەتەك دراوی وەهمییانەی سەر هەڵدڕکدا.. لەکاتێکدا خودی گوریسەکە پارچە قوماشێکە و لەسەر عەرد راخراوە.. "بڕك" دەڵێت: (ئەوەی دەیبینن گەشتی باڵندەکانی شاعیر و سۆفی فەریدەددینی عەتتارە، کاتێك دەیانەوێت بەرەو لای "سیمرغ" بچن، دەبێت بەسەر حەوت دۆڵا و شیودا بفڕن، تادەگەنە دواهەمین دۆڵا، ئەویش دۆڵی تواندنەوەیە لەزاتی ئیلاهیدا، بۆیە توانیوومانە خەیاڵا و ئەندێشەی تەماشاچییان**

ببزوێنین، کەوا بزانن ئەکتەران بەسەر گوریسێکی هەواسراودا دەڕۆن، هەموو ئەوەی کەدەشبینرێت، تەنها پەینەوەی دڵی یەکەمە، بەڵام ئامانج گەیشتنە دڵی حەوتەمە، دڵی سەرسامبوونی پەتی).

وریا باقر: هەرچەند "پیتەر برۆك" وەك ئەوەی باس لەبابەتێکی ئاسایی بکات، زانیاری سەبارەت بەمەقامەکانی تەسەووف و عیرفان دەخاتەڕوو.. ئەوەتا باسی دڵی یەکەم تا حەوتەمی پلەکانی بەرزبوونەوەی سۆفیگەرانە دەکات!؟ چۆن دەبێت ئەو زانیارییە عیرفانییانەی لای خۆمان کۆر بوونەتەوەو کەمن ئەو کەسانەی لەووی تۆری و پراکتیکی-ییەوە شارەزاییان تێیدا هەبێت، کەچی ئەوکی ئینگلیز، بەزمان و کلتووری جیاوە گەیشتبێتە ئەو قووڵاییە مەعریفییەی کەلەزاتێکی خوداناس و گەورە موتەسەوویف و شاعیرێکی وەك "فەرەیدەدینی عەتتار"و دنیا تەسەووفییەکەی تێگەیشتبێت؟

یوسف عزەدین: وەك لای عەتتار و لە"لۆژیکی باڵندە"کەیدا ئاماژەو کاری بیناکردنی چامە شیعرییەکەی لەسەرکراوەو هەروەها کرێکی کارکردنی ئەهل و سالیکانی تەسەووفە..خۆی ئەو پلەومەقامانە، یان ئەو دڵدانای کەسالیك و ئەهلی تەسەووف دەیبڕێت، حەوتە، یەکەم دڵی داواکارییە"تەهبە"، سالیك لەم قۆناغەدا دەست لە چۆژ و لەزەتەکانی دنیا دەشوات و لێی دوورەکەوێتەوە. دووەم دڵدا، دڵی عیشقە، سالیك بەئاگری عیشقی ئیلاهی دەسووتێت، تا خۆی لەبیردەچێتەوە. سێیەم، دڵی مەعریفەیە، سالیك خودای بەچەشنێك تێدا دەناسێت، هەروەك ئەوەی بیبینێت. چوارەم، دڵی دەستبەرداربوونە، کەسالیك تێیدا دەست بەرداری هەموو کەس و شتێك دەبێت، بۆجگە لەخودا. پێنجەم، دڵی یەکتاپەرستییە، سالیك بەجۆرێك خودای لا تەجەللی دەبێت، بەچەشنێك تۆزقاڵە گەردێك لەشەریك بێ خودا دروستکردن لەدێدا نامێنێت. شەشەم، دڵی سەرلێشێواییو پەرتەوازەبوونە"حیرە"یە، سالیك لەم قۆناغەدا خۆی بەخۆی نامێ دەبێت و بەشوێن کەسێکدا دەگەڕێت، دەستی بگرێت و بڵای مەحبوبی بەرێت. حەوتەمیش، دڵی هەژاربوون و فەنایە، لێرەدا سالیك تەنها پێویستی بەخوداو فەنابوونی تەواوە لەخودادا.

وریا باقر: پێمان باشە بەشێوەیەکی گشتی "لۆژیکی باڵندە"ی شاعیر و عاریف"فەریدەددینی عەتتار-مان پێبناسێنیت؟

یوسف عزەدین: "لۆژیکی باڵندە" بریتییە لەچوار هەزار و پێنج سەد بەیتی شیعری.. بابەتەکەی بریتییە لەگەڕانی کۆمەڵك باڵندە بەشوێن باڵندەیەکی نەبینراودا. لەوەرگێڕانە بیانییەکانی تێکستەکەدا

"لێژیکی باڵندە" کراوەتە "کۆنفرانسی باڵندەکان" و خۆی لەئاستیدا بەکۆبوونەوەی باڵندەکان دەست پێدەکات، بەمەبەستی فێین و گەیشتنە لای جوانترین و ناوازەترین و کامڵترین و مەزنترین باڵندەیەك، کەسوڵتانی موتەقەو ناوی "سیمرغە".. پەپووسڵمانکە دەکەنە مورشیدیان و پاش بگرەو بەردەو گفتوگۆ، کۆمەڵکیان هەر لەسەرەتاوە پاکانە بۆ بەشداری نەکردنیان، لەو سەفەرە ترسناك و توڵانیی و پڕ مەشەقەتەدا دەکەن. بولبول دەڵێت، من عاشقی گوڵم و ناتوانم بەجێی بهێڵم.. تووتی دەڵێت، بەهۆی قەشەنگی و جوانیمەوە بوومەتە ئەسیری قەفەس و ئیمکان نییە بەجێی بهێڵم.. تاووس دەڵێت، چونکە ناوی منیان وابەستەو پەیوەستی دەرکردنی ئادەم و حەوا لەبەهەشت کردووە، شەرم دەکەم ڕۆگەی سەفەرێکی وا بگرمەبەر.. مراوی دەڵێت، ناتوانم لەئاو دوور بکەومەوە.. کەو دەڵێت، شاخ و دڵم پڕ جێ ناهێڵێت.. قورینگ دەڵێت، تەنها لەدەریاچە ساف و بۆگەردەکاندا دەتوانم بژیم.. کوونددەپەپووش دەڵێت، ناتوانم کەلاوە وڕانەکان جێ بهێڵم.. هەڵۆش دەڵێت، جێگەی من سەردەستی پاشایانەو ناکرێت ئەو شوێنە تایبەت و گرنگە بەجێ بهێڵم.. ئیدی بەم تەرزە تەنها کۆمەڵك دەمێنێتەوە بۆ گرتنە بەری ڕێگەی سەخت و پڕ مەشەقەتی سەفەرێکی تووڵانیی.. ژمارەیەکی زۆریشیان هەر لەڕێگەدا دەمرن.. ئەوەی دەمێنێتەوەو دەگاتە حزووری زاتی باڵندە بۆ هاوتاو مەزنەکە، تەنها "سی" باڵندەن و لەهەمان کاتیشدا " سیمرغ" بەواتای "سی-مرغ" دێت، کەدەکاتە "سی" باڵندە. ئەو ڕەمزییەت و دەلالاتەی لە"لێژیکی باڵندە"ی عەتتار-دا هەیە جودایە لەهەردوو "باڵندە نامە"ی "ئیبن سینا" و "غەزالی"، هەرچەند ئەوەی غەزالی گومان هەیە بۆ خۆی نووسیبێتی، زیاتر پێدەچێت درابێتە پاڵی، وەك درانە پاڵی زۆربەی ئەو چواریناندی بەناوی خەیام-ەوە باوکراونەتەوەو پێدەچێت لەو سەردەمانەدا بەمەبەست و لەپێناو ونکردنی دانەڕی حەقیقی و پاراستنی لەکوشتن و سزادان، یان لەنەزانی و بەهەڵە زۆر تێکستی کەسانی تر دراونەتە پاڵ کەسانێك کەخاوەنی نین و نەیاننووسیوە.. وەك چۆن لەبەر گرتنەوە و نووسینەوەی بەردەوامی تێکستەکانیش لەلایەن نەساخەکانەوە، ئەویش بۆ خۆی و وەك خۆی هەر جارە زیاد و کەمێکی خستێتە سەر تێکستی نووسراو و لەهەمان کاتیشدا دەشێت هەندێك تێسکت یەکەمین دەستنووسیان مابێت و بەو شێوەیەش لەشێواندن و گۆڕان قورتاریان بووبێت.

لای "ئیبن سینا"، کۆمەڵك باڵندەی دیلکراو لەقەفەسدا هەڵدێن و پاش بڕینی هەشت قۆناغی سەخت دەگەنە کۆشکی شای مەزن و پاشای پاشاکان و پاش لابردنی حیجاب لەنێوانیاندا، شەکوای حاڵی خۆیانیان لەیاد دەچێتەوەو لەمەست بوونێکی هەمیشەیدا دەمێننەوە، ئیدی ئەوان

گەیشتووونەتە ئەو جێگەیەی کەبەدەرە لەهەموو کەموکورتی و ناکامییەك.
لای غەزالی-یش کەمەك باندە بەمەبەستی دیاریکردنی پاشایەك بێ خیان، رگەی سەفەرکی تاقەت پووکن و زەحمەت دەگرنەبەر، دوای بەهیلاك چوون و مردنی ژمارەیەکیان، ئەوانەی کەدەمنەوە دەگەنە دوورگەی پاشاو کاتك لیان دەپرسن بێ هاتوون، ئەوانیش لەوەڵامدا دەڵین هاتووین، تا "عەنقا" بکەینە پاشامان.. لەوەڵامدا پیان دەڵین، خۆتان ماندووکردووە، بتانەوێت و نەتانەوێت، ئێمە پاشاتانین و هیچ پێویستییەکمان بەئێوە نییە.. وەختك باندەکان تووشی یەئس و سەرلشواویی و پەرتەوازەیی دەبن.. پیان دەڵین، هەیهات..هەیهات.. نەکەن مەیئووس بن لەڕەحمەتمان، تەنها کەسە دڵاوەکان مەیئووس دەبن لەڕەحی خودا.. هەر بێیە لەلایەن زاتی عولیاوە قبووڵ دەکرێن. بەڕام لای عەتتار، بەشێوەیەکی دیکە مامەڵەی لەتەکدا کراوەو لەکۆتایی تەکستی "لەژیکی باندە"دا سی باندەکە" سی مرغ"ەکە فەنا دەبن لەزاتی"سیمرغ-سی مرغ"دا.. یان بابڕێین خیان سی باندەن و کەدەشوانن سیمرغ هەر سی باندە دەبینن‌ەوە کەخیانن، هەر وەك ئەوەی بوانن ئاوێنە، خیان خیانن بێ زیاد و کەم!؟

وریا باقر: ئەم وێنەیەی کۆتایی "لەژیکی باندە" هەر کتوومت بەکەمك دەستکارییەوە لەتەکستی یەکك لەوانەی ئێستا لەوەسەتی کوردیدا، بووەتە ناوکی دیار لەدنیای چیرك و رمانناووسیندا.. بینیومەتەوە، هەر ئەمەی دزیوە بەکەمك دەستکارییەوەو بەڕام لەجێی باندەکان، کردوویەتییە کەسکی..تاد؟! ئەی بەڵای ئێوە چی دەرحەق بەم کەسانە بگوترێت باشە؟

یوسف عزەدین: هەر بیستنی وشەی دزی بێ خیی شتکی ترسناك و مایەی سەمینەوەیە، ئیدی چەشنی دزییەکە هەرچییەك بێت.. پێم وانییە.. وەك ئاماژەتان پێدا، نووسەرك ئەوە ئاستی بێت، بەدزینی جەوهەری تەکستکی زیندووی زاتکی گەورەی وەك "عەتتار" یان بەدزینی تەکستەکانی تر و دووبارەکردنەوەی وێنەو دیمەن و لاسایی کردنەوەی جوانییەکانی ئەو دنیا تایبەت و پێ لوغز و پەنهان و قووڵاییە رحییە شاراوانە، بتوانێت نەك خودی وێنەکان، بەکو نگەتیفەکەشی بخاتەوو.. دەرحەق بەپرسیارەکەشتان، ئەی بەڵای ئێوە چی دەرحەق بەم کەسانە بگوترێت باشە؟.. جارێ لەم رژگارەدا پێناچێت، کەسان و رەخنەگرانی ئاسایی دەستی ئەو توخمانە و ئەوانەی لەپشت کەوالیسەوە کاریان بێ دەکەن بێن و کەئەم جرە نەوەیەش، لەئەربابی

ئەم توخمە لەنووسەر و هاوپشت و هاوکار و قەوم و قیلەکانیان بەحوکمی ڕۆژگار نەمان، ئەوە نەوەی دواتر، چی دەڵێت و چۆن ئەم بگرەو بەردەو هێنان و بردنە ڕەخنەییانە ساغ دەکاتەوە، یان نایکاتەوەو وەزعەکە هەر وەك خۆی و بگرە خراپتریشی لێ بەسەردێت.. ئەوە ڕەنگە ئەگەر لەئێستادا وەڵامی نەدەینەوەو بۆ داهاتووی جێ بهێڵین باشتر بێت.

وریا باقر: ئایا فەنابوون لەزاتی ئیلاهیدا لادان نییە لەیەکتاپەرستی؟

یوسف عزەدین: عەتتار لەدەستپێکی "لێژیکی باڵندە"دا وەڵامی ئەم کۆتاییەی تێکستەکەی خۆی دەداتەوە. دەڵێت: (ئەوەی دەیڵێیت و دەیزانیت لەخۆتەوە هەڵدەقووڵێت و خۆت بەخۆت بناسەو خوداش بەخودا خۆی بناسە، نەك بەخۆت. ڕێگە بۆ لای ئەو لەخۆیەوەیەتی نەك لەتۆوە… ئەوەی لەبارەیەوە دەگوترێت تەنها ڕاڤەکارییە.. ئەو لەسەرو هەموو وەسفەکانەوەیە.. تەنها شتێك کەئێمە دەرحەقی دەیزانین ئەندێشەو خەیاڵە، زانینی هەر هەواڵێکی ئەو مەحاڵە.. ئەوەی باش و خراپ لەبارەیەوە دەگوترێت تەنها لەخەیاڵی خۆمانەوە هەڵدەقووڵێت، ئەو لەسەروو دیاریکردن و عیلمی ئێمەوەیە). جێگەی باسیشە هەر خودی عەتتار لەشوێنێکی تردا ئاماژە بەوە دەکات ئەو "حلولیی" نییە، بەواتای گەیشتنی سالیك بەمەرتەبەی "ئولوهییەت" و پێی وایە تەسەووراتێکی لەو چەشنە دەرچوونە لەئایینی ئیسلام و بەای ئەو نابێت کەس ئیدیعای ئەوە بکاتە کە"حەق"ە.

وریا باقر: ئەی بۆ کۆتایی تێکستی "لێژیکی باڵندە" شتێکی تڕە؟

یوسف عزەدین: ڕەنگە شتێکی تر نەبێت و هەر ئەوە بێت کەخۆی ئاماژەی پێداوە! یان بۆی هەیە وابێت!؟ بەڵام لەهەموو حاڵ و کارەکاندا تێسکتە زیندووەکان وەك خۆیان و بۆ خۆیان چەندین خوێندنەوەو تەئویل و تەفسیر هەڵدەگرن. عەتتار کاریگەری فیردەوسی و سەنائی و حەللاج و بایەزیدی بوستامی و کەسانێکی دیکەی لەسەر بووە. هەروەها کاریگەری بۆ سەر مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی و حافز و جامی و نەوائی و شاعیرانی دیکەی تەسەووف هەبووە. وەك لەبارەیەوە دەگێڕنەوە، سی چل ساڵێکی تەمەنی لەکۆکردنەوەی شیعری شاعیرانی عاریف و گوتەکانیاندا سەرفکردووە. بەڵام دواجار پاش ئەوەی لەکتێبێکیدا، بەشیعر وەسفی "ئیمامی عەلی" و تێکەڵێك لەمەیلی شیعەگەری دەخاتەڕوو، ئەمەش بەمەبەست و بۆ دژایەتی فەقیهە سوننییە دەمارگیرەکانی سەمەرقەند دەکات.. ئەوانیش پاش تەکفیرکردنی، خەڵکی

لێ هان دەدەن، تا گێ بەردەنە مانی و بەزەحمەت قورتاری دەبێت و بەرەو مەکە هەڵدێت و لەوێش کتێبێك بەناوی "زمانی غەیب" دەنووسێت و هەن دەڵێن دواتر گەڕاوەتەوە بێ زەدی خێی و مەغلەکان لەوێ شەهیدیان کردووە، گێڕیشی لەنیساپوور هەیە، ئەگەر هی ئەو بێت.

عەتتار جیاواز لەزۆرێك لەنووسەران و شاعیرانی سەردەمەکەی، هەرگیز وەسفی سوڵتان و میر و وەزیر و کاربەدەستانی نەکردووەو ئامادەنەبووە لەدەربارەی پاشاکاندا وەك شاعیران و خەڵکە خوێنەوارەکەی تر ژیان بەرێتە سەر، بۆیە بێ خێ ژیاندن و پەیداکردنی قووتی ڕۆژانەی ناچاری کارکردن بووەو بەو مەبەستەش دوکانێکی عەتتاری هەبووەو دەرمان و مەرهەمی تێدا فرۆشتووەو هەروەك خێی دەڵێت، هەردوو کتێبی "موسیبەت نامە"و"ئیلاهی نامە"ی لەدووکانەکەیدا نووسیوە، لەکاتێکدا ڕۆژانە پێنج سەد نەخۆش ڕوویان تێکردووەو پاش پشکنین و گرتنی ترپەی دڵیان دەرمانی پێویستی پێداون. لێرەدا دەبێت ئەوە لەیاد نەکەین هەردەم کەسانێك هەبوون، لەژێر پەردەی خوداناسی و تەسەووف و عیرفان و دەروێش بوونیانەوە، لەپاڵا پاشاو کاربەدەستاندا موعەزەز و موکەررەم ژیاون، یەکێك لەخاڵە جیاکەرەوەکانی ئەم جۆرەش لەگەڵ عەتتار و هاوچەشنەکانی، کارنەکردنیان بووە.. بەڵام ئەوانەی بەحەقیقی ئەهلی تەریقەت و سالیکی ئەو ڕێگەیە بوون، کەسانێکی کارگەر و خاوەن سنعەت و پیشەگەر و لەو جۆرانە بوون، بەهۆزی بازووی خۆیان و ماندووبوونیان قووتی ڕۆژانەی خۆیان پەیداکردووە، یان هەر بەڵاستی تەرکی دنیایان کردووەو تەنها بەپەیداکردنی پارچە نانێك ئەم ڕۆژ بێ سبەی ڕۆژیان بەسەرکردووە. تەنانەت دەگێڕنەوە کاتێك کووی یەکێك لەدەسەڵاتدارەکان، دەیەوێت ببێتە سۆفی و لەنێو ئەهلی تەریقەتدا جێی بێتەوە، پاش ئەوەی پەنا بێ کەسانێکی موتەسەوویف دەبات تا ڕێگەی پیشان بدەن، یەکەم شت داوای لێدەکەن، دەستبەرداری ئەو هەموو شکۆ و دەسەڵاتە بێت کەهەیەتی و دواتریش وەك هەر کەسێکی ئاسایی لەقەرەباغترین شوێنی شاردا، بێ پەیداکردنی پارەی حەڵاڵ، ناخۆشترین و ئاست نزمترین کار بکات، دیارە پیاوانی باوکی ئەمە دەبینن و هەواڵا دەچێتەوە بێ باوکی و پاش گرمەو کۆشەیەکی زۆر، ئەو زاتە هەر واز لەقەناعەتی خێی ناهێنێت و تا سەر بەردەوام دەبێت. کەواتە بەدەست هێنانی ئەو پلەو مەقامە عیرفانییانە کارێکی ئاسان نەبووەو هەروەك سەفەری باڵندەکانی عەتتار، بەناڕەحەتییەکی زۆر قەناغ بە قەناغ گیراوەتە بەر.

هەر بۆیە عەتتار و هاوشێوەکانی توانیوویانە سنووری ڕۆژهەڵات و

لەکاتبوونیان ببن و ببنە کەسایەتی جیهانی، ئەوەتا سەردەمانێك لەئەمانیا لەسەر داوای گۆتە-ی شاعیر، پەیکەر بۆ عەتتار دروست دەکرێت و هەروەها لەسەرەتای بیستاوبوونەوەی شیعرەکانی عەتتار بەوەرگێڕدراوی بۆ زمانە ئەروپاییەکان، لاسایی کەرەوەی زۆر بوون، یەکێك لەوانەی بەکاریگەری ئەم تێکستە ناوازەیەی عەتتار شیعری نووسیوە، شاعیری ئینگلیزی "چوسەر" بووە، چامەیەکی بەناوی "ئەنجومەنی باڵندە" نووسیوە. بگوومان لێرەدا دەبێت ئاماژە بە سەنائی بدەین وەك شاعیرێکی پێش عەتتار و هەروەها مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی کەدوای عەتتار دێت و بەهەر سێکیشیان سێکوچکەی مەسنەوی-یان پێ دەگوترێت و یەکێك لەکتێبە شیعرییە بەناوبانگەکانی سەنائی-ش "باخچەی حەقیقەت"ە. بابگەینەوە لای "پیتەر بڕك" و ئەوە بڵین لەکاتێکدا تووشی چەقبەستن و وشکبوونی داهێنان و مەرگی خەیاڵا دەبێت، ئەم تێکستەی عەتتار وەك فریادەسێك فریای دەکەوێت و لەچەقبەستن و ڕاووحکردن ڕزگاری دەکات، خوێندنەوەی "لێژیکی باڵندە" هەموو ژیانی هونەریی "پیتەر بڕك" دەگێڕێت و لای دەبێتە نمایشێکی سەرسامکەر و هەژێنەر.

وریا باقر: جیاوازی جەوهەریی "باڵندە نامە"کەی "ئیبن سینا"و "لێژیکی باڵندە"ی عەتتار لەچییدا دەبینیتەوە؟

یوسف عزەدین: "ئیبن سینا" عاریف و سۆفی نەبووە، وەك ناسراوە فەیلەسوف و زانا بووە، بۆیە کاتێك "باڵندە نامە"کەی نووسیوە، هەوێداوە وەك عاریفان و سۆفییان بیربکاتەوەو ئەوە ببینێت کەئەوان دەیبینن. بەڵام عەتتار سۆفی و عاریف بووەو بەشێك لەئەزموونی خۆی و سۆفی و پیاوچاکانی دیکەی لە تێکستەکەیدا بەرجەستەکردووەو بەیەقینەوە خۆی لەوێناکردنی ئەو دنیا مەجازییە داوە، کەلای ئەوان بینراو و یەقینە، واتە عاریفان ئەوە دەبینن کەفەیلەسوفان تەنها دەتوانن بیری لێبکەنەوە.. ئەمە جگە لەوەی جار و چەشنی گەیشتنە مەعریفە لای هەردووکیان جوداو جیاوازەو ئەمە جگە لەکۆشمانکۆشی جەوهەریانەی مابەینی فەیلەسوفان و عاریفان.. دەبینین هەر خودی عەتتار پێی وایە ئەوەی لەڵی عیشقدا ناوی فەیلەسوفی لێنرابێت، هەرگیز شارەزای عیشق نییە.. لەشوێنکی تریشدا دەڵێت، "نابیتە هەگری حیکمەتی ئایین، ئەگەر واز لەو حیکمەتە نەهێنیت". کاتێك یەکێك لەباڵندەکان لەپەپووسڵمانکە دەپرسێت، ئەگەر گەیشتمە لای سیمرغ چی لێ داوا بکەم، پێی دەڵێت:" ئەوەی بچێتە حزووریەوە، مەعریفەی دەست دەکەوێت، باشترە مەعریفەی لێ داوا بکەیت".

مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی دەفەرموێت:" جەهل لەبەر دەستی کامێدا دەبێتە عیلم و عیلمیش لەبەر دەستی نوقسان و نەزاندا دەبێتە جەهل.. ئەوەی نەخۆش و دەردەدار دەستی تێوەردەدا دەبێتە دەرد و نەخۆشی، بەڵام کەسی کامڵا ئەگەر دەست بێ کوفریش ببات، دەبێتە ئایین".

وریا باقر: ئاشکرایە عەتتار تێکستی تری هەبوون، بەڵام دیارە مەبەستی بووە، تایبەتمەندییەکی جیا بە"لۆژیکی باڵندە" ببەخشێت، ئاخۆ خۆی هیچ ئاماژەیەکی بەمە داوە؟

یوسف عزەدین: عەتتار لەکۆتایی " لۆژیکی باڵندە"دا بۆ خۆی دەفەرموێت: (ئەهلی وێنە نغرۆی زەریای ئاخافتنەکانم بوون، ئەهلی ماناش پیاوانی نهێنییەکانی منن، ئەم هەبەستانەم خاسییەتێکی سەیریان هەیە، لەهەر ئان و ساتێکی جیادا مانای نوێ و جودا دەبەخشێت.. ئەگەر بێت سازا، زۆر بیخوێنیتەوە، ئەوە بگومان لەگەڵا هەر جارێکدا جوانتر دەبێت.. تا ڕۆژی قیامەتیش کەسێکی دیکە نابینیتەوە، بتوانێ وەك منی عاشق بنووسێت).
چەند جوانە لەسەردەمانێکی خوێناوی و شەڕانگێز و دزێودا، لەسەردەمانێکدا کەنووسینەوەو لەبەرگرتنەوەی کتێب و بەدەستهێنانی کەرەستەکانی ئاسان نەبووە، کەچی ئەم و ئەوانەی وەك ئەم بوون، هەوڵی مانەوەی هەتا هەتایی تێکستەکانیان داوە، بۆیە ئاماژە بەڕۆژی قیامەت دەکات، کەئیتر تا ئەو دەم کەسێکی تری وەك ئەم عاشق دووبارە نابێتەوە، بەو هەموو قووڵی و عیشقەوە بنووسێت.

وریا باقر: هەرچەند دەکرێت تاڕادەیەك بەشێك لەخوێنەرە هەوادەرو کێنەدەرەکان، بەخوێندنەوەی بەردەوام لەبەشێك لەچەمك و تێوانین و جیهانبینییەکانی سۆفی و عاریفان تێبگەن، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین، زۆرجار تێگەیشتن و حاڵی بوون لێیان زەحمەتە؟

یوسف عزەدین: راستە.. محەمەد حسێن ئەسفەهانی سەبارەت بەکتێبی "چوار سەفەرە ئەقڵییەکە"ی "سەدرەددینی شیرازی" دەڵێت: " ئەگەر بزانم کەسێك هەیە، نهێنی و پەنهانەکانی کتێبی سەفەرەکان پەی پێدەبات، گەر لەو سەری دنیاشدا بێت، بەرەو لای دەچم".. "سەدرەددینی شیرازی" یەکێك بووە لەو زاتە دەگمەنانەی هەوڵی نزیککردنەوەی فەلسەفەو عیرفانی داوەو تووشی گەلێك مەینەتی و بەدحاڵیبوون و چەرمەسەری و ناڕەحەتی بووە.. دەرئەنجام خۆی لەشوێنە دوورە دەستەکاندا بێ ماوەیەك ونکردووە. ئیدی لەو خەوەت و تەنهاییانەدا، زانستە باتنییەکانی لا کەشف دەبێت و پاشان

